کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

# رێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

ژمارە (495)ی ساڵی (57)
دووشەممە (18)ی ئادار (مارس)ی 2002
(27)ی رەشەمێ 2701ی کوردی

هەفتەنامەیەکی سیاسییە - ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق





ل2
با هەڵەبجە دوا تاقیگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی بێت





ل3
ئەگەرەکانی لێدانی عێراق زۆرتر دەبن





ل5
مەراسیمی یادکردنەوەی راپەڕین لە چەمچەماڵ





ل9
چاوپێکەوتنێك لەگەڵ داریوش


# با یادی کیمیابارانی هەڵەبجە هەرگیز لە بیرنەکەین

لەم چەند رۆژەی دوایی دوو یادەوەری گرینگ لە مێژووی گەلی کوردستان بەسەرماندا تێدەپەڕن. ئەوەیش یادی کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، کە لە 1988/3/16 بە خەستی لەلایەن ژمارەیەکی زۆری فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی دیکتاتۆری بەغداوە بەو چەکە کوشندەیە بۆردومان کرا. ئەو چەکەی کە ماوەیەکی درێژە بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە.

ئەم تاوانە چەپەڵەی رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا لە هەموو دونیا دەنگی دایەوەو ویژدانی کومەڵگای مرۆڤایەتی هێنایە هەژان‌و بووە پەڵەیەکی شەرمەزاری بە نێوچاوانی ئەم رژێمەی بەغدا. کە لە چەند چرکەیەکدا زیاتر لە پێنج هەزار منداڵ‌و ژن‌و پیرو پەککەوتەی ئەم شارە خۆڕاگرەی شەهید کردو پتریش لە دوو ئەوەندەی ئەم ژمارەیە برینداربوون کە تا ئێستاش برینی هەندێکیان سارێژ نەبۆتەوە. ئەمە وێڕای دەربەدەر بوونی هەر هەموو دانیشتوانی ئەم شارە دووجار شەهید کراوە لەلایەن رژێمی بەغداوەو ئەو زیانە گەورەیەی لە دانیشتوانی ئەو شارەکەوت.

رژێمی خوێن رێژی بەغدا چەکی کیمیایی بە تەنیا لە دژی رۆڵەکانی شاری هەڵەبجەی خۆڕاگردا بەکار نەهێنا، بەڵکو لە هەردوو ساڵی (1987،1988) بەلایەنی کەمی (39) جار ئەم چەکە قەدەغەکراوەی دژی گەلی کوردستان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەکار هێنا بەمەش رژێمی بەغدا یەکەم رژێمە لەسەر رووی زەوی کە ئەم چەکە بەکۆمەڵ کوژە دژی گەلەکەی خۆی بەکاربهێنێ‌و بە هەزاران ژن‌و منداڵ‌و پەککەوتە بەڵکو ئاژەڵ‌و پەلەوەریش بکوژێ‌و دەغڵ‌و دان‌و رەزو باغیش لەناو ببات.

ئەم تاوانە بێ وێنەیەی رژێمی بەغدا دژی رۆڵەکانی گەلی کوردستان هەر بە تەنیا تاوانێکی ئاسایی رژێمێکی دیکتاتۆری ملهوڕ نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە پیادە کردنی رێبازی جینۆسساید دژی نەتەوەی کوردو کلدو-ئاشورو تورکمان، بەمەبەستی بە عەرەب کردنی کوردستان‌و سڕینەوەی ئاسەواری گەلی کورد لە نیشتمانەکەی خۆی کە ئەمە پتر لە سێ هەزار ساڵە لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێ بووەو ئاوەدانی کردۆتەوە. ئەم تاوانە هەر تاوانێك نەبوو دژی گەلی کوردستان، بەڵکو تاوانێکی گەورەبوو دژی کومەڵگای مرۆڤایەتی‌و ئەو راستییەی سەلماند کە ئەم رژێمە ئەگەر بۆی بلوێ بە رێگای بەکارهێنانی ئەم چەکە بەکۆمەڵ کوژە خۆی بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەسەپێنێ‌و ئیمپراتۆرییەتێکی دیکتاتۆری سەرەڕۆ دادەمەزرێنێ کە دەبێتە مەترسییەکی گەورە بەسەر هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر بۆیە پێویستە لەسەر رای گشتی لە هەموو جیهاندا یارمەتی گەلانی عێراق بدەن بە گەلی کوردیشەوە بۆ لەناوبردنی ئەم رژێمە کە لە راستیدا نامۆیە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا، کەسەردەمی زانستی‌و تەکنۆلۆژیایە.

ئێستاش دوای چواردە ساڵ بەسەر کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەی خنجیلانەو هەموو کوردستانی - عێراق و تەنانەت ناوچە زۆنگاوییەکانی باشووری عێراقیش ئاسەواری ئەو تاوانە چەپەڵە بەسەر دانیشتوانی ئەم ناوچانەدا هەرماوەو لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریان خستووە کە ئەم کیمیابارانە پاشماوەی زیانبەخشی بەسەر رۆڵەکانی ئەو ناوچانەداو بەڵکو بەسەر هەموو کوردستانەوە بەجێهێشتووە. بۆیە مافی خۆمانە ئەگەر داوا بکەین نەتەوەیکگرتووەکان ئەم کۆمپانیانە ناچار بکەن کە داوای لێبووردن بکەن لە کەلی کوردستان‌و قەرەبووی رۆڵەکانی زەرەرمەندی ئەو گەلە بکەنەوە کە بەر کیمیاباران کەوتن، یا ئەم قەرەبووە بخرێتە سەر داهاتی نەوت‌و بەسەر رژێمدا بسەپێندرێ.

هەر لەم رۆژانەدا کە ئەم بۆنە تاڵەمان بەسەردا تێدەپەرێت، پێشوازی لە جەژنی نەورۆز دەکەینەوە، کە جەژنێکی دێرین‌و نیشانەی سەرکەوتنی گەلی کوردستانە بەسەر دوژمنە سەرسەختەکانی. ئەو جەژنەی کە دوژمنانی گەلەکەمان زۆریان هەوڵ‌و تەقەلادا بۆ قەدەغەکردنی لێمان، بەڵام ئەم گەلە کوڵنەدەرەمان هەر سوور بووە لەسەر ئاهەنگ گێڕانی خۆی بە شێوازی جۆربەجۆر تا لە دوای شۆڕشی 14/ گەلاوێژی نەمردا دانپێیانانی بە رەسمی ئەو جەژنەی لە ساڵی 1959دا سەپاندو بە ئاشکرا جەماوەر ئاهەنگی خۆیان گێڕا.


بۆ ل2


## هاوڕێ حەمید مەجید موسا سەردانی کاك مەسعود بارزانی دەکات

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی (14) ئادار هاوڕێ حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بە یاوەری هاوڕێیان موفید ئەلجەزایری‌و سەعدون محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب‌و حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان، سەردانی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە هاوینە هەواری سەلاحەدین، لەم سەردانەدا هەردوولا باسی رووداوە گەرم‌و گوڕەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق‌و کوردستان‌و ئەگەرە چاوەڕوان کراوە سیاسییەکانیان کردو هەردوولاش جەختیان لەسەر زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی عێراق‌و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردەوە.

جێی باسی هەریەك لە بەڕێزان جەوهەر نامق سالم سکرتێری مەکتەبی سیاسی‌و هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و عومەر بۆتانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

## مامۆستا سەلاحەدین محەمەد سەردانی هاوڕێ کەریم ئەحمەد دەکات

کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی رۆژی 17 / 3 / 2002 شاندێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا صلاح الدین محمد بها الدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی‌و یاوەرێتی بەڕێزان مامۆستا محمد رئووف ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و مامۆستا حەمە رەشید ماوەتی ئەندامی سەرکردایەتی‌و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمانیان کرد، لە لایەن هاوڕێیان کەریم ئەحمەد سکرتێری حزب‌و مەلا حەسەن‌و کەمال زەهاوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەردار ئەنوەرو بابا عەلی ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی گەرمیان لێکرا.

لە دیدارەکەدا باس لە بارودۆخی جیهانی‌و ناوچەکەو کوردستان‌و ئەو ئەگەرو پێشهاتانە کرا کە لە ئارادایە سەبارەت بە وەشاندنی گورزی سەربازی‌و گۆڕانکاری لە عێراق لە لایەن ئەمریکاوە وە هەروەها تەئکید کرایەوە کە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر هەموو هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان یەکڕیزو هاوەدەنگ بن لەپێناو بەرقەرا بوونی ئاشتی‌و ئاشتبوونەوەی گشتی لە خزمەتی دۆزی گەلەکەمان.

## ماتەمینی لە یادی هەڵەبجەی شەهیددا

رۆژی (16) ئادارو لە (14)مین ساڵیادی کیمیابارانەکەی شاری هەڵەبجە وەکو رێزلێنانێك لە گیانی پاکی قوربانیان‌و شەهیدانی ئەم کارەساتە، جەماوەری گەلەکەمان لە سەرانسەری کوردستان لە سنوری دهۆك‌و هەولێردا بۆ ماوەی (5) دەقیقەو لە سنوری سلێمانی‌و گەرمیان بۆ ماوەی (3) دەقیقە وەستانی ماتەمینی خۆی راگەیاند، شایانی باسە ساڵانە گەلی کوردستان‌و پێشەنگە سیاسییەکانی وەکو ئەرکێکی نیشتمانی‌و دڵسۆزییەك بۆ (5000) هەزار شەهیدی هەڵەبجە بەم شێوەیە سەری رێزو ستایشی خۆی دادەنوێنێت. جێی باسە هەر بە بۆنەی کارەساتە جەرگبڕو خەمناکەکەی هەڵەبجەوە لە سنوری سلێمانی‌و گەرمیان‌و هەولێرو دهۆك نێوەندە حزبی‌و حکومی‌و رێکخراوە جەماوەرییەکان چەندین فستیڤاڵی ئەدەبی‌و هونەری‌و چالاکی جۆراو جۆریان ئەنجامدا.

هەروەها لە شاری هەڵەبجەش مەراسیمێکی پڕ شکۆ هەر بەم بۆنەیە سازکرا.

کە تیایدا ژمارەیك لە نوێنەرانی حکومی‌و حزبی‌و رێکخراوەیی‌و جەماوەرێکی زۆر لە کەسوکاری شەهیدان لە باغی گشتییەوە بەرەو مەزارگای شەهیدانی شار بەرێکەوتن. لەوێش وتاری حکومەتی هەرێم‌و حزب‌و لایەنە سیاسییەکان خوێنرایەوە.

هەروەها هاوڕێ سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبمان، وتارێکی خوێندەوە

## لە دانیمارك یادی مەرگەساتی هەڵەبجەی شەهید کرایەوە.

گۆران هەڵەبجەیی

رۆژی شەممە رێکەوتی (16) ئاداری (2002) کوردەکانی دانیشتوانی دانیمارك لە سەنتەری (کۆپنهاگن) پایتەختی ئەم وڵاتە بە مەبەستی رێزلێنان لە قوربانیان‌و شەهیدانی ئەم کارەساتە کۆبوونەوە، هەروەها وێڕای کوردەکانی ئەم وڵاتە ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکانی وڵاتی سویدو چەند وڵاتێکی تری جیاجیای ئەورووپاش هەر بۆ ئەم مەبەستە گەیشتبوونە ئەم سەنتەرە کە لە ناویاندا چەندین هونەرمەندو شاعیرو رۆشنبیری ناسراوی گەلەکەمان وەکو حەمە سەعید حەسەنی شاعیری ناسراوی کوردو بورهان یاسین‌و سەباح غالب‌و هەردوو گۆرانی بێژی گەورە ناسری رەزازی‌و مەرزیە ئامادە بوون، جێی باسە وێڕای کورد هەر لەم شوێنەداو هەر بۆ رێزلێنان لەم یادە پڕ لە ژان‌و حەسرەت ئامێزە نوێنەری چەندین حزب‌و لایەنی سیاسی وڵاتی دانیمارکیش ئامادەبوون وەکو: حزبی سۆسیالیستی گەل‌و حزبی لیستی یەکگرتوو کە دوو حزبی چەپی ئەم وڵاتەن، هەروەها سەنتەری دژ بە ئەشکەنجەدان‌و سەنتەری هەڵەبجەو چەندین کەسایەتی شاعیرو رۆشنبیری تری وڵاتی دانیمارك، دواتر ئامادەبوونی ئەم بۆنە ماتەمینییە رێپێوانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی دانیماریکی دەست پێکرد، لەم رێپێوانە وێنەی چەندین کەسی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجەو لافیتەی جۆراو جۆر بەرزکرابوونەوە، کە تیایدا دروشمەکانی وەکو هەڵەبجەی هێروشیما لە بیرمەکەن، داواکارین ئەنجامدەرانی جینۆسایدی دژ بەکورد بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی لەسەرووی هەمووشیان سەدامی دیکتاتۆر، دواتر بەبۆنەی (16)ی ئاداری کارەساتی گەورەی هەڵەبجە بەیاننامەیەك لە لایەن سەرپەرشتیارانی ئەم مەراسیمە بڵاوکرایەوەو کەوا چەندین دانەی بەسەر ئامادەبووان‌و سەفارەتی ئەمریکاو وڵاتانی تری جیهان لەم وڵاتەدا دابەش کرا دواتر هەردوو هونەرمەندی ناوداری کورد ناسرو مەرزیەو نزار عیسای موسیقاژەن چەندین گۆرانی بە سۆزو پارچە مۆسیقایان پێشکەش کرد، جێی باسە کەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال‌و هاوڕێیانی حزبمان لە رێکخستنی دانیمارك رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە رێکخستنی ئەم مەراسیمە گەورەو پڕ بەهایە.



## رژێمی عێراق لە ترس‌و نیگەرانیدا دەژیت

سەرچاوەیەکی بەرهەڵستکاری عێراقی راگەیاند لەم ماوەیەی دوایدا (عزەت دوری) لەگەڵ تاونبار (محەمەد زمام عەبدولرەزاق) سەردانی شاری کەرکوکیان کردووە.

لەم سەردانەیان چاویان کەوتووە بە ژمارەیەك بەرپرسی حزبی بەعسی فاشی لە هەردوو شاری کەرکوك‌و موسڵ.

لە کۆبوونەوەیەکدا پێیان راگەیاندوون کە دەبێ لە ئامادەباشی دابن لە ترسی ئەگەری لێدانی گورزێکی سەربازی لەلایەن ئەمریکا بۆ سەر رژێمەکەیان هەر لە کۆبوونەوەکە بریاردراوە کە چەند رەبییەیەکی سەربازی و کەرتی سەربازی نوێ لەم ناوچانە دروست بکرێ‌و ژمارەیەکی زۆر لە چەك‌و جبەخانەیان تێدا دابنرێ، هەروەها بریاریاندا یەکەی تانك کە لە (43) تانك‌و 18 زریپۆش پێکدێ بۆ ناوچەی باشورو ناوچەکانی نزیك کوردستانی عێراق بگوازرێتەوە.

لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی عێراق لە شاری کەرکوك قەدەغە کردنی هاتووچۆیان لە دوای کاتژمێر (12.30)شەو بەسەر خەڵکدا سەپاندوە. هەروا کەسێکیش پێیەوە پابەند نەبێت بە توندی سزا دەدرێت، هەر لەو پێودانگەشەوە کاتێك هاووڵاتییەك لە نیوەشەوداو لە گەڕەکی رەحیماوە بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕاوەتەوە دەستگیریان کردووە. لە لایەکی دیکەوە سەرچاوە تایبەتەکان وا رادەگەیەنن کە یەکە سەربازییەکان لەسەر رێگەی ناوەندیی کەرکوك‌و شارۆچکەی چەمچەماڵ خەریکی هەڵکەندنی سەنگەرن.

هەروەها یەکە سەربازییەکانی (هەندەسەی ئالی) لە باکووری شاری کەرکوك دەستیان بە هەڵکەندنی سەنگەری ساختەو هەڵخەڵەتاندن بۆ دەبابەو تۆپە قورسەکان کردووە. هەروەها سەرچاوەکان دەڵێن (مانع عەبدولرەشید) بەرپرسی نووسینگەی عەشایەرە کوردەکانە لە دیوانی سەرۆکایەتی لە کۆتایی مانگی کانونی دووەم سەردانی شاری کەرکوکی کردووە، پەیوەندی بە ژمارەیەك لە پیاو ماقووڵ‌و سەرۆکی عەشیرەتە عەرەب‌و کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم کردووەو داوای لێکردوون شان بەشانی رژێمەکەی دژی ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بوەستن کە لە بارودۆخی دەساڵ لەمەوبەر لە رووی بەکارهێنانی هێزەوە زۆر ترسناکترە.

## تەقینەوەیەك لە شێرەسوار

رێکەوتی 2002/3/14 رۆژی پێنج شەممە کاتژمێر 3:45 دەقیقەی ئێوارە لە هاوینە هەواری شێرەسوار نزیك شارۆچکەی شەقڵاوە تەقینەوەیەك روویدا.

ئەم کارە ئیرهابییە بووە مایەی شەهیدکردنی مامۆستا (چنار جەمیل) مامۆستای قوتابخانەی تارینی سەرەتایی لە مەلا ئۆمەرو بریندابوونی مامۆستا (عوسمان قادر) بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەلا ئۆمەر کە دەکاتە هاوسەری مامۆستا چنار کە لە گەشتێکی مامۆستایانی قوتابخانە روویان لەم شوێنە کردبوو. جێی باسە هەفتەی رابردوو هەر لە نزیك ئەم شوێنەدا دەستی تیرۆرو ئیرهاب تەقینەوەیەکی تری ئەنجامدا. شایەنی گوتنە ئەو دەستەی کە لە پشت ئەنجامدانی ئەم کارە ئیرهابییانەیە دەستێکە دژ بە جوانی سروشت‌و هاووڵاتیان.

## سوپاس‌و پێزانین

به بۆنەی کۆچی دوایی "سمایل"ی برامەوە، لە ناخەوە زۆر بە گەرمی سوپاسی هەر هەموو ئەوانەی لە پرسەکەدا بەشدارییان کردین، بە تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و وێکڕای وەزیرە بەڕێزەکان‌و سەرۆکی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان‌و سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسی حزبە کوردستانییەکان‌و هەموو دۆست‌و برادەرانی خەڵکی بە شەرەفی شاری هەولێرو کوردستان، خۆزیارم تووشی هیچ جۆرە ناخۆشییەك نەبن.

هەر خۆشبن

برای دڵسۆزتان/ عەزیز محەمەد

## بەڕێز کاك مستەفا هیجری

بە نیگەرانێکی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی ئالانی کوڕتمان پێگەیشت. بەڕاستی ئەم رووداوە خەمناکە هەموومانی هەژاندو لە ناخەوە گشتمانی تاساند. لەو کاتەی سەرەخۆشی‌و هاوخەمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو بنەماڵەکەتان دەکەین داوای سەبووریتان بۆ دەکەین‌و هیوا دەخوازین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان بێت

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان